بەبۆنەی شەست و سێهەمین ساڵیادی دامەزراندی کۆماری کوردستان، ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەچێ

کاتژمێر14ی ڕۆژی 21-1-2009 لە هۆڵی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی شاری کۆیە، بەبۆنەی شەست و سێهەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی سیاسی و فەرهەنگی بەڕێوەچوو، شاندێکی سەرکردایەتی حزبمان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان عومەر حەسەن کارگێری مەکتەبی سیاسی و هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەشداریان لەو ڕێوڕەسمەدا کرد، هەر بەبۆنەیەشەوە پەیامی مەکتەبی سیاسی حزبیان بە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە گەیاند، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان! بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمی 63هەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوون.

ئەمڕۆ کە شەست و سێ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان تێپەڕدەبێ، هەموومان لەبەردەم ساڵیادی ڕووداوێکی مەزنی مێژوویی دا ڕادەوەستین و بە شکۆوە یادی ئەو سەرکردە نەمرانە دەکەینەوە کە لە هەنگاوێکی شۆڕشگێرانەدا کۆماری کوردستانیان دامەزراند، ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەی کوردیان وەدی هێناو پێشەوای نەمریش وەک یەکەمین سەرکۆمار سوێندی خوارد کە تا دواین هەناسەو دواین تنۆکی خوێن، بەگیان و بەماڵ لەڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان تێبکۆشێ. پێشەوای نەمر وەفادار بە سوێندەکەی مایەوەو گیانی خۆی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کرد، بەوهۆیەشەوە مێژوویێکی پرشانازی بۆ خۆی و بۆ گەلەکەی تۆمارکرد.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان وەک یەکەمین ئەزموون، لە دەستپێکدا سەڵماندی کە کوردستانیان دەست لە ئامانجی بەرزی نیشتمانی و بەدەوڵەتبوون هەڵناگرن و بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەخۆیی درێژە بە تێکۆشان دەدەن و بەرەو یەکبوون و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی هەنگاو هەڵدەگرنەوە.

هەرچەندە کە کۆماری کوردستان لەنێو سەوداو مامەڵەی زلهێزانی بەرژەوەندخواز و داگیرکاراندا ڕووخێنرا، بەڵام ئەو ئاڵایەی کە لە مەهاباد دا هەڵکرا، تا هەمیشە لە دڵی سەربەخۆخوازاندا زیندوو ڕادەگیرێ، ئەوەتا ئێستا لە باشووری کوردستاندا لە سەر دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم دا دەشەکێتەوە، گەورەو بچووکی گەلی کوردستان شانازی پێوەدەکەن و بەڵێن دەدەن بە گیان و بەماڵ بیپارێزن، بەوهۆیەشەوە ئاواتەکانی پێشەوای نەمرو سەرکردەکانی دیکە ڕێگەی گرتووەو لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا وەدی دێن.

ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا لەکاتێکدا کە بە ڕێزو شکۆوە یادی کۆماری کوردستان و سەرکردەو تێکۆشەرانی دەکەینەوە، لەهەمان کاتدا دەخوازین پەرتەوازەیی و دووبەرەکی کۆتا بکرێ، پەلەکانی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرەو یەکریزی هەنگاو بهاوێژن،گوڕوتینێکی نوێ بە خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بدرێ، هێزو تواناکانمان لە پێناو پێکهێنانی کۆماریێکی دیکە دەکاربکەین.

مەکتەبی سیاسی

حزبی ڕزگاریی کوردستان

وەڵامی بنەماڵەی بزرکراوەکانی شەڕی نێوەخۆ دەدرێتەوە

ناوەندی چاک لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە کە پەرلەمانی کوردستان بەڵێنی داوە کە لە زووترین کاتدا وەڵامی بنەماڵەی بێسەرو شوین کراوەکانی شەڕی نێوەخۆ بداتەوە.

لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە کە : 'نووسینگەی باشووری کوردستان پەیوەندی بە پارلەمانتار خاتوو سوزان خالە شهابەوە کرد بۆ دۆزی بێسەروشوێنکراوەکان , کە بە نیاز بووە ئەمڕۆ ئیمزای ئەندامانی پارلەمانی کوردستان کۆبکاتەوە بۆ پشتگیری کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکان ,لەسەر زاری کاک عەدنان موفتییەوە ڕایگەیاند : لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی ینک و پدک باسکراوە , پاش ئەوەی هەواڵی خۆپیشاندانەکەی بیستبوو و یاداشتەکەی چاک و کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکانیان پێ گەیشتبوو .بۆیە هەردوو مەکتەبی سیاسی ینک و پدک باسیان لەو دۆزە کردووەو بڕیاریان داوە لە ماوەی نزیکی داهاتوودا وەڵامی کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکان بدەنەوە'

جێگەی ئاماژەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک لە بنەماڵەی شوێن بزرکراوەکانی شەری نێوەخۆ لە چالاکییێکی هاوبەشدا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا کۆبوونەوە، دواتر شەوێک لەبەردەم باڵاخانەی پەرلەمان مانەوەو خوازیاربوون کە وەڵامیان بدرێتەوەو چارەنووسی بزرکراوەکان ئاشکرا بکرێ.

شاندێکی حزبی ڕزگاریی کوردستان سەردانی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان دەکات

کاتژمێر11.30ی ڕۆژی 18-1-2009 شاندێکی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی، **عومەر حەسەن** کارگێری مەکتەبی سیاسی و **ئیبراهیم محەمەدئەمین** ئەندامی سکرتاریا سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستانیان کرد لە شاری سلێمانی، لەلایەن بەڕێزان کاک **محەمەدی حاجی مەحمود** سکرتێری گشتی و کاک **ئیرۆن عومەر** بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، سەرەتا کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەگەرمی بەخێرهاتنی لە شاندی ڕزگاری کردو هیوای خواست کە ئەو دیدارو کۆبوونەوانە درێژەیان پێبدرێ، پاشان ڕێکار ئەحمەد سوپاسی ئەو پێشوازیە گەرمەی کردو بەبۆنەی کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی جەماوەر پیرۆزبایی لێکردن و هیوای خواست کە شوێنی بەرچاو لە مێدیای کوردستانیدا بگرێ، دواتر باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق کرا، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان و عێراق بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا، هەردوولایەن هاوڕامان بوون کە دەبێ لیستی هاوبەش لەنێوان لایەنە هاوڕامان و هاوئامانجەکاندا پێکبهێنرێ و پرۆسەی دیموکراسی گوڕو تینێکی کردەیی پێبدرێ.

لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لەو ڕاپۆرتە کرا کە حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ سێ حزبی دیکەی کوردستانی لە ماوەی ڕابردوودا بۆ ڕای گشتی کوردستان بڵاویان کردبۆوەو وەک پرۆژەیەک بۆ چاکسازی و بەرەوپێشەوە بردنی کارەکانی حکومەت پێشنیار کراوە.

شاندێکی حزبی ڕزگاری سەردانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی دەکات

کاتژمێر15.30ی ڕۆژی 20-1- 2009 شاندێکی حزبی ڕزگاریی کوردستان ، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان عومەر حەسەن کارگێری مەکتەبی سیاسی و هەژار زراری بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگاری هەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن بەڕێزان شاخەوان خالد ئەندامی مەکتەبی سیاسی، عەبدوڵڵا عەدۆ و زالد مەحمود ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، شاکر هاشم و زوبێر عومەر ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندیەکان بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی ڕایانەدا ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان خرایە ژێرباس و لێکدانەوە، لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا باس لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان و عێراق کرا، هەردوولا پێیانوابوو کە ئاکامی هەڵبژادنەکانی ئەمجارە کاریگەری لەسەر خواست و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دادەنێ، بەوهۆیەشەوە خوازیاربوون کە دەبێ وردبینانەو هۆشیارانە کار بکرێ تا زۆرینەی خەڵک بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن.

سکرتێری حزب پێشوازی لە ئەندامانی کۆمیتە پارێزگای دهۆک دەکات

کاتژمێر15ی ڕۆژی 22-1-2009 لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەهەولێر، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب، پێشوازی لە بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەی پارێزگای دهۆکی حزبی ڕزگاریی کوردستان کرد و بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردن، ئەوسا لە کۆبوونەوەیەکدا، هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب تیشکی خستە سەر ڕەوشی کاروچالاکیەکانی حزبی ڕزگاری و چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەنێوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا بۆ حزب دروست کرابوون، جەختیشی کردەوە کە دوای ئەو کێشانە ڕێکخستنەکانی حزب بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووەو پێشکەوتوون. دواتر هەڤاڵ شڤان سلێمان بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک لە ڕاپۆرتێکدا کارو چالاکیەکانی دوو مانگی ڕابردووی کۆمیتەی پارێزگای دهۆکی خستە ڕوو، بەوهۆیەشەوە هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب دەستخۆشی لێکردن و بەناوی خۆی و سەرکردایەتی حزبەوە سوپاسی کردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن تا درێژە بە کارو چالاکیەکانی خۆیان بدەن.

لەتەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە سێهەمین کۆنگرەی حزب کرا، هەڤاڵ سکرتێری گشتی، ئەندامانی کۆمیتەی پارێزگای دهۆکی ڕاسپارد تا خۆیان بەرهەڤ بکەن، لە داهاتوویێکی نزیکدا کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک پێکبهێنن و نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن. هەروەها بەڵێنیشی پێدان کە پشتیوانی تەواویان لێدەکات و بەهەموو شێوەیەک ئاسانکاریان بۆ دەکات تا کۆنفرانسی کۆمیتە پارێزگای دهۆک بەڕێک و پێکی پێکبهێنرێ و نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێردرێن، تا ڕێکخستنی دەڤەری بادینان ڕۆڵی خۆیان لەسێهەمین کۆنگرەدا ببینن.

ناوەندی چاک پلینیۆمی سۆران مامەحەمە دەبەستێ

دوێنێ شەممە ناوەندی چاک پلینیۆمی خۆی لەژێر ناوی پلینیۆمی شەهید سۆرانی مامە حەمە لە شاری ئارنهێمێ وڵاتی هۆلاند پێکهێنا.

دوێنێ شەممە 24-1-2009 لە پەیوەندییێکی تەلەفۆنیدا کاک عەلی مەحمود یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی چاک بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند؛ ئەمڕۆ کاتژمێر 10 بە کاتی ئەوڕوپا پلینیۆم بە بەشداری 45 ئەندام و 15 میوان دەستی بە کارەکانی خۆی کردو بەیانیش بەردەوام دەبێ.

عەلی مەحمود ڕایگەیاند کە نوێنەرانی ناوەندی چاک لە وڵاتانی ئەوڕوپا لە پلینیۆمەکە بەشدارن، هەروەها نوێنەرانی باشووری کوردستان و ئەمریکاو کەنەدا و ئوستورالیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەشداری دەکەن، ئەمەش کارێکی نوێیە کە ڕێکخراوە کوردستانیەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پلینیۆم و کۆنفرانس پێکبهێنن.

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵی ڕابردوو ناوەندی چاکل کۆنگرەیەکی کراوەی لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوەبرد، بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆی ناوەندی چاک دەبوایە ئەمساڵ پلینیۆم پێکبێ، بەهۆی ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو کاروچالاکیەکانی ناوەندی چاک بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش پێوەندیان بە ناوەندی چاکەوە کردبوو، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێ کە پلینیۆم بڕیارو ڕاسپاردەی گرنگ وەربگرێ و شیوازی کارەکانی خۆی بەرفراوانتر بکات.، هەروەها بڕیار وایە دوای تەواوبوونی پلینیۆم ڕاگەیاندراوێک بڵاو بکەنەوە.

ئاڵای کوردستان، کۆلیژی عیشق نیگەران دەکات

سەرچاوەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند وێڕای ئەوەی کە کۆلیژی عیشق لە کوردستانە، بەڵام ڕێگەنادات کە ئاڵای کوردستان لە سەر باڵاخانەکەیان هەڵبکرێ، هەروەها ڕێگەنادات کە فێرخوازان ئاڵای کوردستان لە یەخەی خۆیان بدەن. فێرخوازێک ئەمەی بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل سەرڕاست کردەوەو ڕایگەیاند کە ماوەیەک لەمەوبەر ئێمە چەند فێرخوازێک لە ئاهەنگێک دەگەڕاینەوە، ئاڵای کوردستانمان لە یەخەی خۆمان دابوو، ویستمان بچینە کولیژو وانەکانمان بخوێنین، کەچی لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا ڕێگەیان لێگرتین و پێیان گوتین نابێ ئاڵای کوردستان بێتە ناو کۆلیژی عیشق! تەنانەت هەندێک لەو فێرخوازانەی کە ئامادە نەبوون ئاڵای کوردستان لە یەخەیان بکەنەوە هەڕەشەی دەرکردنیان لێدەکرێ، لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا بڕیاری دەرکردنی ئەوان لە کۆلیژ ڕابگەیەندرێ.

فێرخوازێک خۆی دەکوژێ

ڕۆژی 20-1-2009 فێرخوازێکی پۆلی دووەمی ناوەندی بەناوی (ئی.مو.با) دانیشتووی پیرمام خۆی دەکوژێ.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست ڕۆژی گەل ئەو قوربانیە کێشەی لەگەڵ ماڵەوەیاندا هەبووە، هەندێ داخوازی هەبووەو بۆیان جێبەجێ نەکردووە، ئەویش نائومدێ دەبی و پەنا بۆ خۆکوشتن دەدبات.